خوای گەورە لەم سێ شتەتان ڕازییە، وحەز ناکات لە سێ شتتان

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە لەم سێ شتەتان ڕازییە، وحەز ناکات لە سێ شتتان، ڕازیە لەوەی: بیپەرستن، وبە هیچ شتێوەیەك هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، وهەمووتان پێکەوە دەستبگرن بە پەتی (ئاینی) خودا وناکۆك مەبن، وحەز ناکات لە: ووتی ووتی (قسەی زۆر)، وزۆر پرسیار کردن، وبە فیڕۆدانی پارە وسامان».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە خوای گەورە سێ سیفەت وکردەوەی بەندەکانی پێ خۆشە، وڕقی لە سێ سیفەتیانە، پێی خۆشە: بە تەنها ئەو (الله) بپەرستن وبە هیچ شتێوەیەك هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، وهەموویان تەنها دەست بگرن بە پەیمانی خودا (ئاینی خودا) -قورئان وسونەتی پێغەمبەرەکەی-، وجیا نەبنەوە لە کۆمەڵی مسوڵمانان. وپەروەردگار ڕقی دەبێتەوە: لە قسەی ناڕەوا وبێ سوود وقسەیەك پەیوەندی بە ئەوانەوە نەبێت، ولە پرسیارکردن سەبارەت بە شتێك کە ڕووی نەداوە -یان مەحاڵە ڕووبدات-، یان لە داواکردنی پارە وشتی تر لە خەڵکی؛ ئەگەر پێویست نەبێت، ولە بە فیڕۆدانی پارە وسامان وخەرجکردنی لە ڕێگایەکی ناشەرعیدا یان تووشی لەناوچوونی بکات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66236